حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق | بەناوی خودای گەورە | بابەت:جوگرافیا /کات: سێ کاتژمێر | پەنجەمۆر

لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان

ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی )

## وەڵامی نموونەیی

خولی یەکەم / ساڵی خوێندنی 2021 -2022

وەڵامی راست هەڵبژێرە: ( بۆ هەر پرسیارێك 2 نمرە )

1. سیفەتێك لەسیفەتەکانی باری دواکەوتوویی کشتوکاڵ دەگەیەنێت کشتیار هاندەری نییە پاڵی پێوەبنێت بەرهەمی کشتوکاڵی بەرەوپێش بەرێت وبایەخ بداتە ئاو و زەوی، کەسەرچاوەی کشتوکاڵن:
A- خولی کشتوکاڵی   B- سیستەمی بەشکاری   C- شێوازی کشوکاڵی   D- ئاراستەکردنی کشتوکاڵ
2. لە بەناوبانگترین چەشنی پیشەسازییە قورسەکانە کە پێویستی بە رووبەرێکی فراوانی زەوی هەیە، وەك پیشەسازی :
A- کاغەز   B- جل و بەرگی ئامادەکراو   C-جگەرە   D- هەویرکاری
3. فەنزویلا پێنجەم دەوڵەتی بەرهەم هێنی نەوت بوو لە جیهاندا لە ساڵی :
A- 1959   B- 1969   C-1979   D- 1989
4. گەورەترین دەوڵەت لە ناردنە دەرەوەی خەڵوز ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە ، ئەو رێژەیەی دەینێرێتە دەرەوە دەگاتە :
A- (10-5)٪   B- (15-10)٪   C- (20-15)٪   D- (25-20)٪
5. لە بازنەکانی ژووردوا لە باکوری کەنەدا و ئۆراسیا دەردەکەوێت ، کە تا رادەیەك پلەی گەرمی نزم دەبێتەوەو وەرزی بەستن درێژ دەبێتەوە و زۆربەی رۆژانی ساڵ دەگرێتەوە :
A-شوانکارەی سەرەتایی   B-کۆکردنەوەی سەرەتایی   C-کشتوکاڵی سەرەتایی   D- کشتوکاڵی بژێوی چڕ
6. ئەو پیشەسازییانەی کەرەستە سەرەتاییەکەی و بەرهەمەکەشی دووچاری لە ناو چوون نابێت لە گواستنەوەدا ، هەروەها کێش و قەبارەی ئەوکەرەستە سەرەتاییانەی لە دروستکردنیدا بەکارهێنراوە ناگۆڕێت ، وەك پیشەسازی:
A- سەهۆڵ   B- ئۆتۆمبیل   C- خواردنەوە گازییەکان   D- چنین
7. زۆربەی وڵاتە شەکر هێنەکان وا بەباش دەزانن ( پیشەسازی پاڵاوتنی شەکری خاو ) لە نزیك بەندەرکان دامەزرێنن ، بەمەبەستی:
A- سووککردنی قورسایی لەسەر تەرازووی پارەدانییان   B- هاندانی پەیدابوونی پیشەسازی ناوخۆ تێیاندا
C- دەتوانن شەکری خاو لەسەرچاوەی جیاوازەوە بە درێژایی ساڵ بهێنن   D- هەموو وەڵامەکان راستن
8. لە ناوجەرگەی زەوی بڕێکی زۆر خەڵوز هەیە کە زیاترە لە ( 10 ) ملیار تەنی مەتری، چوار لەسەر پێنجی لە چەشنی.............دایە :
A- ئەنترسایت   B- بتیومین ( قیری )   C- کوك   D- لەگنایت
9. ناوچەی سەرەکی بەرهەم هێنانی گەنم لە کیشوەری ئوستراڵیا دەکەوێتە بەشەکانی:
A- باکوری خۆرهەڵات و باکوری خۆرئاوا   B- باشووری کیشوەرەکە
C- ناوەندو باشووری کیشوەرەکە   D- باشووری خۆرهەڵات و باشوری خۆراوا
10. ئەم پاڵاوتگەیە دەژمێردرێت بە کۆ کارگەیەکی پیشەسازی بۆ بەرهەمهێنانی رۆن و گازی شل و گریس و ئەسفەلت:
A- پاڵاوتگەی کەسك   B-پاڵاوتگەی قیارە (گەیارە)   C- پاڵاوتگەی دۆرە   D- پاڵاوتگەی بەسرە
11. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( 1 ) ئەم گەرووە دەنوێنێت:
A- هورمز   B- مەلەقا   C- بابولمەندەب   D- جەبەل تاریق
12. لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان تێچوونی کار رێژەیەکی جیاواز پێك دەهێنێت لە سەرجەمی تێچوونی بەکارهێنراو لە بەرهەم هێناندا کە دەگاتە نێوان .................... ی پیشەسازی هەمەجۆر:
A- (13-5)٪   B- (14-6)٪   C- (15-6)٪   D- (16-7)٪
13. ساکاری تەکنیك و ئەو ئامێرەی لەو شێوە کشتوکاڵییە بەکار دێت لە دارێکی چەماوە تێنا پەڕێت، هەندێ جاریش تەور بەکاردەهێرێت،یەکێکە لە خاسییەتەکانی :
A- شێوازی کشتوکاڵی بژێوی چڕ   B- پیشەی کشتوکاڵی سەرتایی
C- شێوازی کشتوکاڵی جێگۆڕکێ   D- شێوازی کشتوکاڵی دەریای ناوەڕاست
14. تەسکترین باری پانی گەروی بابولمەندەب دەکەوێتە نێوان بەری باشووری دورگەی ( بریم ) و دورگەی ( سیبا )کە دەگاتە :
A- (13,8) کم   B- (14,8) کم   C- (15,8) کم   D- (16,8) کم
15. باکوری خۆرئاوای دکن گرنگترین ناوچەی بەرهەمهێنانی لۆکەیە ، دەکەوێتە وڵاتی :
A- هندستان   B- چین   C-پاکستان   D- سودان
16. پیشەسازی پاڵاوتنی نەوت لەو پیشەسازییانەیە کە:
A- رێژەی کێشی ونبووی زۆر تێدایە   B-پێویستی بە سەرمایەی زۆر گەورە نییە
C- بەروبووم و لێدەرهێنراوەکانی فرەجۆرنین   D- قەبارەی کەرەستە سەرەتاییە بەکارهێنراوەکانیان زۆر دەکەن
17. بە گرنگترین نۆکەند دەژمێردرێت کە مرۆڤ بەمەبەستی بەستنەوەی خۆرهەڵات بە خۆرئاوا وە لە تەسکترین پارچە زەوی لە نێوان کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا هەڵی کەندوە:
A- نۆکەندی کیل   B-نۆکەندی سوێس   C- نۆکەندی پەنەما   D- ملەی زێرین
18. بە دووەم دەوڵەت دادەنرێت لە بەرهەمهێنانی بۆکسایت،گرنگترین ناوچەکانی بەرهەمهێنانی لە( باکوری خۆرهەڵاتی کۆناکریٚ و دورگەی کاسایە ) :
A- ئوستراڵیا   B- ژاپۆن   C- غینیا   D- جامایکا
19. رەنگەکەی لە نێوان زەرد و قاوەییدایە ، رێژەی ئاسنەکەی (60٪) ە و، مەڵبەندە گرنگەکانی دەکەونە ناوچەی لۆرین لە فەرەنسا :
A- هیماتایت   B- سیدرایت   C- لیمۆنایت   D- پایرایت
20. ناوچەی ( یۆرکشایەر) بەگرنگترین ناوچەی بەرهەمهێنانی خەڵووز دادەنرێت لە ئینگلتەرە ، کەوتۆتە بەشی خۆرهەڵاتی چیای :
A- پەنایننز   B- ئەندیز   C -ئەلپ   D - رۆکی
21. ئەو بیردۆزەیە کە لە شوێنی جوگرافی و کاری بۆ سەرەدیاریکردنی جۆری وەبەرهێنانی زەوی کشتوکاڵی دەکۆڵێتەوە:
A- بیردۆزی ئەلفرێد فیبر   B- بیردۆزی فۆن تۆنن   C-بیردۆزی ئۆگۆست لۆش   D- ( B وC ) راستن
22. لەو ئاژەڵانەیە کە بەژمارە و دابەشکردنە جوگرافییایەکەی جیادەکرێتەوە ،نزیکەی (98٪)ی لە کیشوەری ئاسایایە :
A- مەڕ   B- بزن   C- بەراز   D- گامێش
23. یەکێك لە خاسیەتەکانی شێوازی کشتوکاڵی بازرگانی رێکخراو ئەوەیە کە :
A- ئەوسەرمایەی بەکاردەهێنرێت بە زۆری بێگانەیە   B- بەشێوەیەکی فراوان پەین بەکاردەهێنرێت
C- یەك شێوە بەرووبووم بەرهەم دەهێنرێت   D- هەموو وەڵامەکان راستن
24. ناوچەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانی ( مس )ە ، دەکەوێتە وڵاتی شیلی:
A- مەنرۆڵا   B- ئۆنتاریۆ   C- بیابانی ئەتەکاما   D- هۆکایدۆ
25. لە ئەمەریکای باشوور پاڵاوتگەکانی نەوت لە دوو دەوڵەت کۆبوونەتەوە کەبریتین لەکەناراوەکانی :
A- شیلی و ئەرجەنتین   B- بەرازیل و فەنزویلا   C- ئەرجەنتین و بەرازیل   D- ئەرجەنتین و فەنزویلا
26. لەوەڕاندنی مانگا لە ئەفریقیا بەمەبەستی بازرگانی نیە جگە لە باشووری ئەفریقیا بەتایبەتی لە ناوچەی:
A- فێلد   B- مەنرولا   C- رند   D- هیچیان راست نین
27. یەکێك لەو کۆسپانەی کە دێنە پێش وەبەرهێنانی دارو تەختە لە جەنگەڵە خولگەییەکان بریتیە لە :
A- بەرزی پلەی گەرما   B- دارەکانی رەقن   C- دووری لە بازاڕەکان   D- کەمی باران بارین
28. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە( 2 ) ئەم وڵاتە دەنوێنێت:
A- تایلاند   B- ڤێتنام   C- میا نمار   D- مالیزیا

29. ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی جیهان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاجێگیرن کە ڕێژەکەی دەگاتە :

A- 2/1 B- 3/1 C- 4/1 D- 5/1

30. گۆگرد و نیترات و مایکا بریتیین لە :

A- کانزا فلزییەکان B- فلزە دارِشتەکان C- فلزە نا ئاسنینەکان D- نا فلزیەکان و خوێیەکان

31. سامانی ئاژەڵ کەمتر بەشداری دەکات لە لیستی ئەوشتانەی دەیان نێرنە دەرەوە لەو وڵاتانەی ژمارەی دانیشتوانیان زۆرەو پلەی گوزەرانیان بەرزە وەك :

A-نیوزلەندە B- ئوستراليا C- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا D- ئەرجەنتین

32. بیابانی کەلەهاری کە بۆشمەنەکانی تێیدا دەژین دەکەوێتە :

A- باکوری ئوستراليا B –باشووری خۆرئاوای ئەفریقیا C- باشووری ئەمریکای باکور D- ڕۆژهەڵاتی ماليزيا

33. بەندەرێکە دەکەوێتە بەری ئاسیای دەریای مەرمەرە:

A- تیکرداغ B- گەمیلیك C- ئیزمیت D- ( B و C ) ڕاستن

34. ئاو وهەوا دەورێکی باڵای لە دۆزینەوەی کانزاکاندا هەیە ، ئەو ناوچانەی کە زۆر وشکن عەمارێکی گەورەیە بۆیێکهاتنی :

A- کرۆم B- توتیا C- نیتراتی سۆدیۆم D- قورقوشم

35. لەو توخمانەیە کە لە سروشتدا بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە ونزیکەی (0,06٪) ی بەرگی ئاوی زەوی پێکدەهێنێ:

A- گۆگرد B- یۆرانیۆم C- مس D- فافۆن

36. کیشوەری ئوستراليا هێزی ئاوی تێدا زۆر کەمە تەنها لەو ناوچەیە نەبێت کە دەکەوێتە ..................ی کیشوەرەکە :

A- باکوری خۆرهەڵات B-باشوری خۆر هەڵات C- باکوری ڕۆژئاوا D- باشوری ڕۆژئاوا

37. لە بواری پیشەسازیدا بەربەرەکانێی خەڵوز و نەوت دەکات بۆ بەکارهێنان وەك سووتەمەنی بەکەڵك:

A- وزەی خۆر B- هێزی کارەبا C- گازی سروشتی D- وزەی زەرە

38. بەوە دەپێورێت کە ڕێژەی ئەو ڕووبەرانە دیاری بکرێت کە تەرخانکراون بۆ هەر بەروبوومێکی کشتوکاڵی لە سەرجەمی ئەو ڕووبەرانەی بە کشتوکاڵ گیراون:

A- شێوازی کشتوکاڵی B- خولی زەوی کشتوکاڵی C- ڕواڵەتەکانی کشتوکاڵ D- وەبەرهێنانی کشتوکاڵ

39. هەندێك بەروبووم ئاوی زۆری پێویستە شان بەشانی وەرزێکی وشکانی بۆ ئەوەی بەروبوومەکە تێیدا پێبگات، وەك:

A- گەنم B- مۆز C- گە نمە شامی D- برنج

40. سێ یەکی ڕووبەری جەنگەڵەکانی جیهانی گرتووە ، فراوانترین ناوچەشی لە ئۆراسیایە کە بریتییە لە ئەسکەندیناڤیا لە ئەوروپاو سیبیریا لە ئاسیا :

A- جەنگەڵە مام ناوەندییە نیمچەگەرمەکان B –جەنگەڵە خولگەییەکان

C-جەنگەڵە مام ناوەندییە ساردەکان D- جەنگەڵە خەزانییەکان

41. سەرمایەی بێگانە بواری پیشەسازی پەسند ناکات لە وڵاتە دواکەوتووەکان،بەڵکو هەندێ بواری تری تایبەت پەسند دەکات وەك:

A- دەرهێنانی خاو B- دامەزراندنی بانق C- کۆمپانیای بازرگانی D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

42. ئەو ناوچانەی توشی شە پۆلی سەرماو سۆڵی توند دەبن چالاکی پیشەسازی تێدا دەوەستێت ، وەك پیشەسازی دەرهێنانی ئاسن لە :

A- بەرتیانیا B- سوید C- ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا D– ئیتاليا

43. ئەو ماوەیەی کە مرۆڤ وزەی زەرەی ( ئەتۆم )ی زانی دەگەڕێتەوە بۆ ............... ساڵ پێش ئیستا :

A- 30 B-40 C- 50 D- 60

44. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( 3 ) ئەم دورگەیە دەنوێنێت:

A- سریلانکا B- گرینلاند C- سۆمەترە D- مالاگاشی

45. لە گرنگترین کانە نەوتەکانی وڵاتی ئێرانە :

A- مریان B- سویدیە C- نەفت سفید D- بەزرکان

46. ئەگەر ڕێژەی کانزای زێڕلەخاوەکانیدا کەمتربێت لە..............ئەوا لە ڕووی ئابوورییەوە بە نرخدار دانانرێت و وڵات ناچار دەکات لە جیاتی بەرهەمهێنانی لەدەرەوە بیهێنێ :

A- (0,008–1) B- (5–1)٪ C- (0,0004–1) D- 50٪

47. مە ترسیەکەی بەوەدا دیاری دەدات کە کاردەکاتە سەر شێوەکانی کشتوکاڵ و زیان بە بەرووبوومی کشتوکاڵ و ئاژەڵ دەگەیەنێت:

A- هۆ بژێوییەکان B- ڕامیاری و یاسا میرییەکان C- هۆکارەکانی ئابووری D- داب و نەریتی کۆمەڵایەتی

48. ڕوسیا پە یمانی ( کوچك کیناچی ) بەسەر سوڵتانی عوسمانی سە پاند لە ساڵی ............... ، کە دەبوو دەریای ڕەش و هەموو گەرووەکانی تورکیا لەبەردەم کەشتیە بازرگانیەکانی ڕوسیا کراوە بن :

A- 1874 B- 1774 C- 1773 D- 1873

49. نزیکەی لە (13٪) ی سەرجەمی ناردنە دەرەوەی نەوتی جیهان پێك دێنێت :

A- دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست B -ئەورووپای ڕۆژهەڵات

C- ئەفریقیا بە میسرو لیبیا و جەزائیر D- باکوری ئەمریکای باشوورو دەریای کاریبی

50. لە بەرهەمهێنانی فۆسفات وڵاتی مەغریب بە پلەی ...............دێت لە نێو وڵاتانی جیهان

A- یەکەم B- دووەم C- سێیەم D- چوارەم

